# سیناریۆکانی هێرشی سەربازی بۆسەر ئێران

**مارتن ڤان گریفلّد**

**و.محمەدی مشیر**

بەووردبوونەوە لەرەفتاری سەرکردایەتی ئێران دەشێ بڵێین ئەوان تۆقیون .ئەمەش هۆکارێکی بەجێی خۆی هەیە چونکە لەوەتەی ئیسرائیل سەرکەوتووانە پێگەی بەناو ئەتۆمی سوریای بۆمباران کردو سیستەمی بەرگری دژە ئاسمانی روسیاش نەیتوانی پێشگری لێبکات، ئا لەوکاتەوە ئێران، کەهەمان سیستەمی بەرگری کڕیوە، بووەتە ئامانجێکی سەربازی . جۆرج بۆشی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانی (ئۆلمرت)ی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل دەکات. چوار ساڵ بەر لەئیستا بۆش رووبەڕووی عێراق بۆوە،کە دراوسێی خۆر ئاوای ئێرانە و، بەشێوەیەك وێرانی کرد کەجارێکی دیکە نەتوانێ بە ئاسانی لەسەر پێ بوەستێتەوە. ئەم دووپیاوە هەمیشە ئاماژە بەوە دەدەن کەنابێ رێگە بدرێ ئێران ببێتە دەوڵەتێکی ئەتۆمی، ئەگەر ناچاریش بن هێز بەکاردەهێنن. دوور نییە هەڕەشەکانیان جێبەجێبکەن، ئەگەر ئەمەش بکەن ئێران هێندەی پێ نییە تا بەرەو ڕوویان بوەستێت. هەرچەندە ئێران وڵاتێکی نەوتدارو دەوڵەمەندە، بەڵام وڵاتێکی جیهانی سێیەمەو ژمارەی دانیشتوانی (70)ملیۆنەو رێژەی داهاتی تاك تێیدا ساڵانە (2440)دۆلارە. ئەنستیتیوی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان لەلەندەن بودجەی ئێران بە (6.3)ملیار دۆلار مەزەندە دەکات. ئەمەش کەمێك لەنیوەی ئەو پارانە زیاترە کەئیسرائیل لەبواری سەربازیدا خەرجیان دەکات و لە (2٪)شی کەمترە لەو بودجەیەی ئەمریکا ساڵانە بۆ هەمان مەبەست تەرخانی دەکات.

ئەگەر ئەمریکا هێرش بکاتە سەر ئێران – ئێمە باس لە هێرشی موشەکی کرۆز و فڕۆکەی دوو فڕۆکەوان دەکەین نەوەکو هێرشێك مەبەستی داگیرکردن بێت چونکە واشەنتۆن هێزی جێبەجێکردنی ئەو جۆرە هێرشەی نییە_ ئەوا ئێران تەنها کاردانەوەی دەبێت هەروەکو سەدام حوسێن کە لە ساڵی (1991)دا کاردانەوەکەی بەلێدانی ئیسرائیل بوو. هەر ئەم هۆکارەشە ئەحمەدی نەژاد و ژەنەڕاڵەکانی هاندەدات بەردەوام هەڕەشەی لێدانی ئیسرائیل بکەن،لەگەڵ ئەوەشدات ئەوان (ئێرانییەکان) رێبژاری زۆریان لەبەر دەستدانیە، چونکە هێزە زەمینی و دەریاییەکان قورسساییەکی ئەوتۆیان نابێت لەجێبەجێکردنی چالاکییەکی سەربازی لەم چەشنەدا، رەنگە ئێران هەندێ موشەکی شەهاب (3)ی هەبێت، بەڵام ژمارەیان سنووردارە و هێندەش جێی باوەڕنین لەپێکانی ئامانجە سەربازییەکاندا، سەرباری ئەمەش هێزە ئاسمانییەکانی ئێران لەبارێکی ناهەموارتردان، چونکە لەکۆتایی جەنگی (عێراق –ئێران) دا ، ساڵی (1988)ئێران هێزێکی ئاسمانی کۆنی هەبوو کە فڕۆکەکانی ئەمریکایی بوون و رەنگە ئێستا بۆ بەرکارهێنان نەشێن.لەوکاتەوە بەدەر لەو فڕۆکە جەنگیانەی عیراق کەلەجەنگی کەنداوی (1991)رایان کردە ئێران رەنگە ئێران هەندێ فڕۆکەی روسیشی هەبێت. ئەگەر ئەو فڕۆکانەشی هەبێت هێشتا ناتوانێ بگاتە ئیسرائیل بێئەوەی لە ئاسماندا سووتەمەنیان بۆ دابین بکات، ئەمەش ئەگەری کەوتنیان نزیکتر دەکاتەوە. ئێران لەدوا نمایشی سەربازی خۆیدا هەندێ فڕۆکەی دەسکردی خۆی نمایشکرد کەناوی لێناون (تریشقە) کەوێنەیەکی کۆپیکراوی (F5) تایگەری ئەمریکایین. دیزاینی ئەو فڕۆکانە بۆ پەنجاکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە، لەشەستەکاندا هەندێ گۆڕانکاریان بەسەر داکرا، بەڵام لەلایەن هێزە ئاسمانییەکانی ئەمریکاوە رەتکرانەوە و لەجیاتی ئەوە فرۆشرانە وڵاتانی وەکو ئێران و ئوردن و چەندین وڵاتی ئەمریکای لاتین کە ئیمکانیاتیان نەبوو فڕۆکەی پێشکەوتووتر بکڕن. لەگەڵ ئەوەشدا فڕۆکەی(تریشقە) بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت ڕووبەڕووی فڕۆکە جەنگییە تازەکان ببێتەوە. بەهەر حاڵ ئێران ژمارەیەکی کەمی ئەو جۆرە فڕۆکانەی لەبەردەستدایە کە وەکو فڕۆکە جەنگییەکانی روسی دەاتوانن بگەنە ئیسرائیل بەمەرجێك لەئاسماندا سووتەمەنیان پێبگات. رێگایەکی دیکە لەبەردەستی ئێراندا هەیە ئەویش ئاژاوە نانەوەیە لەناوچەی کەنداودا ، رەنگە هەر ئەم رێبژارەش لە زەینی ژنەڕاڵ (مەحمود شاهر ئەباغی) سەرکردەی فەیلەقی گاردی شۆڕشگێڕی ئێران دابێت کاتێك گوتی: دەتوانێت لەماوەی چەند خولەکێدا (11)هەزار موشەك بەرەو ئاسمان بەرێ بکات، ئەمەش تەنها چەنە بازییەو هیچی تر، چونکە جگەلەو موشەکانەی کەبەووردی ئامانج ناپێکن لەگەڵ کاتیۆشای کورت هاوێژ، هیچ وڵاتێك نیە ئەو ژمارە گەورەیە موشەکی هەبێت، ئاژاوەنانەوە لەکەنداودا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی بەرچاوی نرخەکانی نەوت، ،بەڵام ئەمە ئێران قورتار ناکات لەو بۆمبارانە چڕەی دووچاری دەبێت، لەمەش زیاتر هەڕەشەکردن بەبەکارهێنانی موشەك کارێك نیە هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانی نەتوانن چارەسەری بکەن ئەگینا (40)هەزار سەربازی ئەمریکایی لە ناوچەی کەنداودا چی دەکەن؟ سەرباری ژمارەی ئەو سەربازە ئەمریکیانەی لەعیراقدا بونیان هەیە لەگەڵ (3)هەلگری فڕۆکە لەناوچەکەدا کەنزیکەی (25)هەزار

سەربازیان هەڵگرتووە.

دوایین شت کە لە بەردەستی ئێران دابێت هێرشی تیرۆریستیە لەژدی خۆرئاوادا، بەڵام کاریگەری ئەمەش لەپلەی سفر نزیکە، چونکە لەدوای هێرشەکانی (11)ی سپتامبەر هێزەکانی ئەمریکا بەقەدەر داوەمویەکیش کاریگەریان تێنەکرا، ئاخاوتن لەبارەی هێرشی تیرۆریستی شتێکە دەکرێ پتر قسەی لەبارەوە بکرێت نەوەکو رێکبخرێت. لەساڵی (1991)دا خەڵك لەهەڵمەتێکی لەم چەشنە ترسان و لەکۆتایشدا هیچ هێرشێك ئەنجام نەدرا. وێڕای ئەمەش دروست نیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یان ئیسرائیل هێرش بکەنە سەر ئێران ئیدی بەشێوەیەکی بەرفراوان بێت یاخود بۆسەر ئەو شوێنانە بێت کەتایبەتن بە بەرنامەی ئەتۆمی ئێران، چونکە بەپێچەوانەی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆسەر سوریا لەلایەك و، بۆ سەرعێراق لەساڵی (1981)دا، لەم کات و ساتەدا هەر هێرشێك بۆ سەر ئێران توخمی کتوپڕی تێدا فەراهەم نیە، بەڵام سوودی ئەنجامدانی هەر هێرشێك لەدژی ئێران و ئاکامەکانی شتێکە پێویستیان بەلێکۆڵینەوە هەیە.

لەوەتەی ساڵی (1945) لەئەمریکادا دەنگ بەرز دەبێتەوە لەدژی ئەوەی کەبۆمبی ئەتۆمی هەیە و هەمیشەش باس لە ئاکامەکانی هەبوونی ئەو جۆرە بۆمبە دەکرێت گەر هاتوو وڵاتانی دیکەش وەدەستی بهێنن کەچی تائێستاش هیچ کام لەم هۆشدارییانە جێبەجێنەکران، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەبوونی بۆمبی ئەتۆمی لەدەست ئەو لایەنانەی رکابەرن و لەململانێدان رۆڵی هەبووە لەهەڵگیرسانی فتیلەی جەنگ لەنێوانیاندا.

ژنەڕاڵی خانەنشین، جۆن ئەبیٚ زێد لەو باوەڕەدایە کەجیهان دەتوانیٚ لەگەڵ (ئێران)ێکدا بژیت کەخاوەنی وزەی ئەتۆمی بێت، لەم بۆ چوونەشیدا ژمارەیەکی بەرچاوی شارەزایان پشتیوانی لێدەکەن ، بۆیە لەجیاتی خۆخستنە نێو گێژەنگی گەوجایەتی ئەحمەدی نەژاد پێویستە بۆچوونی ئەوانە بەوردی رەچاوبکرێت و بەبایەخەوە لێی بکۆڵرێتەوە.